
وەزارەتی پێشمەرگە سەرکەنەی هێرشی درۆنی بۆ سەر بارەگایەکی هێزی پێشمەرگە لە هەولێر دەکات



وەزارەتی پێشمەرگە سەرکەنەی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بەمبۆڕکراوی کرد بەسەر بارەگایەکی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوری قەزای پیرمام لە هەولێر و راشیگەیاند، "هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەك هەمیشە بۆ پاراستنی خاك و میللەتەکەمان، مافی بەرپەرچدانەوەی پێویست و گونجاوی دەبێت".

وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، "بۆ توندی سەرکەنەی هێرشی درۆنی بەمبۆڕکراو بەسەر بارەگایەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین، کە 30ی (کانونی یەکەم/12)ی 2023 لە سنوری پیرمام-هەولێر لەلایەن گروپە لە یاسا دەرچووەکان ئەنجامدرا".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "سەقامگیری، ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، زامنیی ئارامی و سەقامگیری عێراق و ناوچەکەشە".

راشیگەیاندوە، "ئێمە لەوەزارەتی پێشمەرگە، بانگی حکومەتی عێراقی و تەواوی دەستانمان لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەکەین، کە کە پاپشتمان بن بۆ راگرتنی ئەو پەلامارە

نابەرپرسیارانەی، چونکەی دەبنەی هۆی ئاشوبی زیاتر بۆ هەرێم و عێراق و ناوچەکەی بە گشتی".

وەزارەتی پێشمەرگەی دەشێت، "هەرچی زووی بکەرانی ئەو کارە تیرۆریستیانەی بدۆزرێنەوەی و بە سزای یاسایی خۆیان بگەێن، دوپاتیشی دەکەینەوەی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەك هەمیشەی بۆ پاراستنی خاك و میللەتەکەمان، مافی بەرپەرچدانەوەی پێویست و گونجاوی دەبێت".